ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## شیکردنەوەی پرۆگرامی WWW File Share Pro.

نووسەر:
@:

هەندێک جار بەهۆی ویستنی ناردنی پەڕگەوە بۆ هاوڕێکانمان پێویست دەکات ڕێگەیەکی دیکە جگە لەو ڕێگە ئاساییەی پەڕگە ناردن، واتە لە ڕێگەی پۆستی ئەلەکترۆنیەوە بدۆزینەوە. ڕێگەیەکی دیکە ئەوەیە کە کۆمپیوتەری خۆت وەک ڕاژەکارێک بکەیتەوە و بەستەری پەڕگەی نێو کۆمپیوتەرەکەت لەڕێگەی ژمارەی IP ـی خۆتەوە بنێریت بۆ هاوڕێکەت، بۆ ئەوەی ئەو توانای داگرتنی پەڕگەکانی هەبێت لە سەر کۆمپیوتەری خۆی.

لەم بابەتەدا پرۆگرامی WWW File Share Pro شی دەکەمەوە، کە پرۆگرامی زۆر ئاسان و چاکە بۆ مەبەستی بەکاربردنی بە شێوەیەکی تاکەکەسی و کۆمپیوتەرەکەت بکەیت بە سێرڤەرێک.

بۆ داگرتن و خوێندنەوەی زانیاری زۆرتر سەربارەت بە پرۆگرامەکە سەردانی بەستەری خوارەوە بکە.

http://www.wfshome.com/download.htm

نرخی پرۆگرام: $39.95.

پاش داگرتن و دامەزراندن پرۆگرامەکە بکەوە.

وەک وێنەی خوارەوە دەبێت.




1> ژمارەی پۆرت بۆ بەکاربردنی و کردنی کۆمپیوتەر بە سێرڤەرێک لە ڕێگەیەوە. / بە شێوەیەکی ئاسایی ئەبێ 80 بێت.

2> هەڵبژاردنی ئەو بوخچەیە کە پەڕگەکانی لێیە و دەتەوێ هاوڕێکانت توانای داگرتنیان هەبێت.

کرتە بکە سەر بۆ دەست پێکردنی کاری سێرڤەرەکەت.

بە ئەو دوو هەنگاوە کورتە کۆمپیوتەرەکەت بوو بە سێرڤەرێک و هاوڕێکانت ئێستا توانای ئەوەیان هەیە لە کاتی کارکردنی سێرڤەرەکەدا پەڕگە لە کۆمپیوتەری تۆوە دابگرن.




لە وێنەی سەرەوە دا دەردەکەوێت و دەبینی کە سێرڤەرەکە چالاکە و کار دەکات. دەتوانی ئەو ئادرێسەی کە لەنێو Adress Bar ـی ئێنتەرنێت دۆزەرەکەتدا دەکەوتووە، کە بریتیە لە ژمارەی IP کۆمپیوتەرەکەت، بینێری بۆ هاوڕێکانت.
بەڵام ئەگەر لە خاڵی ژمارە 1 دا، واتە لەبەشی پۆرت دا، پۆرتێکی دیکەت نووسیبێت بۆ نموونە 8080، ئەو کاتە دەبێ ئادرێسی سێرڤەرەکەت بەم شێوەیە بڵاوبکەیتەوە.
http://xxx.xxx.xxx.xxx:8080




x = بە ژمارەکانی IP ئادرێسی کۆمپیوتەرەکەت.
بۆ ڕێکخستنی پرۆگرامی WWW File Share Pro کرتە بکە سەر Settings و پاشان Upload.




بەشی Upload بریتیە لەوەی کە ئایا هاورێکانت بتوانن پەڕگە بنێرنە نێو کۆمپیوتەرەکەت لە ڕێگەی ئەو بەشەوە یان نەخێر. گەر Allow Uploading چالاک بێت واتە دەتوانن. / پێم باشە چالاک نەبێت.
پاش بەشی Upload لە Options کرتە بکە.




4> ژمارەی ئەو کەس یان پەیوەندیانەی کە بۆیان هەبێت لەیەک کاتدا پەیوەندی بکەن بە ڕاژەکارەوە و پەڕگە دابگرن.
5> زۆرترین ژمارەی پەیوەندی لە هەمان ژمارەی IP ـەوە، باشتر وایە 1 بێت، چوونکە زۆربوونی ئەو پەیوەندیانە دەبێتە هۆی خاوبوونی پەیوەندیت لەگەڵ ئینتەرنێت دا.
بۆ پاشەکەوت و جێگیرکردنی گۆرانکاریەکان، OK کرتە بکە.
کۆتایی.

Oct 2005 31

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت